# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بۆ پشتیوانی کردن لە نارەزایەتی و خەباتی عادلانەی موعەلیمان

چەند ڕۆژێکە کە موعەلیمانی بەشێك لە مەدرەسەکانی تاران، ئیسفەهان و چەند شاریتری ئیران لە ئیعتراز بە وەدی نەهاتنی داخوازییە سنفییەکانی خۆیان، ناچنەوە سەر کلاسەکانی دەرس. ئەوە سێهەمین نارەزایەتی بەربلاوی موعەلیمانی ئیران لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودایە کە بۆ وەدیهاتنی داخوازییەکانیان بەڕیوە چووە. ئێستا دوای ٤ ساڵ خەبات، جەماوەری خەلکی ئیران بە باشی داخوازییە عادلانەکانی موعەلیمان دەناسن. موعەلیمان خوازیاری چونەسەری حەقدەستەکان، کۆتایی هێنان بە هەلاواردن و نابەرابەری لەمەڕدانی حەقدەستەکان و سەرجەم داخوازییە کۆمەلایەتیەکانی خۆیانن.

تا ئێستا وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش و سەرجەم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، یان خەباتی موعەلیمانیان بە کاریکی نارەوا و دژەیاسایی لە قەلەم داوە و یان بەدانی قەول و بەلینی پروپوچ، هەولیان داوە بۆ ئەوەی بەر بە پەرەسەندن و سەراسەری بوونەوەی خەباتی موعەلیمان بگرن.

ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە بە باشی ئاگاداری جێگا و شوێنی کۆمەلایەتی موعەلیمان و پیوەندییەکانی قوڵی ئەوانن لەگەل توێژە جۆراجۆرەکانی ناو کۆمەلگا و لە پەرەسەندن و قولتر بوونەوەی خەباتی ئەوانیش نیگەرانن، دەیانهەوێ تەحەسوون و خەباتی عادلانەی موعەلیمان لە مەدرەسەکاندا و مشت و مڕی دەسەلات و تەحەسونی نوینەرانی مەجلیسی ئیسلامی بۆ تێپەر بوون لە فیلیترەکانی شورای نیگابان، وەکو دوو بەرە لە حەرەکەتیکی ئیسلاح خوازانە لەقەلەم بدەن تا بەلکو لەم ڕیگایەوە بتوانن ناوەرۆکی داخوازییەکانی موعەلیمان لەلای بیروڕای گشتی خەوش دار بکەن و خەباتی ئەوان لە چوارچیوەی یاسا دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەرتەسك بکەنەوە. بەلام نارەزایەتی دەربرین و تەحەسوونی لەپێش سازمان دراوی موعەلیمان و ناوەرۆکی داخوازییەکانیان ئەوە نیشان دەدات کە موعەلیمان دەیانهەوێ سەربەخۆ لە کیشمەکیش و مشت ومڕی باڵەکانی ناوخۆی ڕژیم و بە دوور لە چوارچیوە یاساییەکانی جێگای مەبەستی ئیسلاح خوازانی کۆماری ئیسلامی، دریژە بە خەباتی خۆیان بدەن.

ئەمرۆ لە هەل و مەرجێك دا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانیکی قوڵی سیاسیدا خەریکی پەلەقاژەیە، بەربلاوی و چوونەسەری خەباتی کریکاران، موعەلیمان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەلگا بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان و پیشاندانی ئەم ڕاستییە کە ڕژیمی ئیسلامی چۆن و بە چ شێوەیەك لە وەلامدانەوە بە سەرەکیترین داخوازییەکانی جەماوەری بێبەشی کۆمەلگا خۆی دەبوێرێ، دەتوانی قەیرانی مەشروعییەتی ئەم نیزامە توندتر کاتەوە و نامەشروع بوونی ئەم ڕژیمە بە هەموو جیهان بسەلمێنێ.

ئەوە تەنیا خەباتی یەکگرتووانە، یەکپارچە و سەراسەری موعەلیمان و پشتیوانی کردنی کریکاران و جەماوەری ژێر دەستەی کۆمەلگا لەم خەباتەیە کە دەتوانی، زامنی سەرکەوتنی موعەلیمان بێ بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان.

پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوە ئیعترازییانە و حزووری ڕیکخراوی چینی کریکار لە پیشەوەی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتی و کۆمەلایەتیانەیە کە دەتوانی نزیك ترین ڕیگای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هینان بەم بێمافی و نابەرابەرییانە بێ.

*حیزبی کۆمۆنیستی ئیران*

*٥ی ڕیبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی*

*٢٥ی ژانویەی ٢٠٠٤ی زایینی*